# نێچیر

عەلی مەحمود محەمەد

– کە لە سلێمانی و ناوچەی ینك خۆپیشاندانێك دەبێت , ڕاگەیاندنەکان حکومەتی هەولێر ئەوەندە بە حەماسن بۆ بلاوکردنەوەی , زۆرجار خۆیان بە کوتانیش دەدەن , بەڵام لە پارکی ئازادی هەولێر بانگەوازی کۆبونەوە دەکرێت , ئاسایش وەك تیانمین ئابلوقەی دەدەن , نقەو جقە ناکەن .

– لەگەڵ برادەرێك لە کەلار قسەم کرد , وتم ئەرێ ئێستا دوای خۆپیشاندانەکە کارەباتان چۆنە؟ , لە وەڵامدا وتی : هەر ئێستا کارەبای خۆپێشاندانمان هەیە . ئەو بەشە کارەبایەی زیادی کردووە , خەڵك ناوی ناوە کارەبای خۆپیشاندان . لە دڵی خۆمدا وتم : خوا کەریمە بۆ حکومەتی خۆپیشاندان و سەرۆکی خۆپیشاندانیش .!

– لە چەمچەماڵ ڕێکخراوی خوێن بەخشان دامەزرا , پیرۆزە . بەڵام خۆ خوێن مژانیش کەم نین لە کوردستان , دەبێت کەی یەکێتی خوێن مژان پێك بهێنرێت ؟ . هەرچەندە خۆی هەیە , تەنها پێویستی بە چەسپە دوقلیەکەیە .

– 50 حیزب کۆبونەوەیان سازدا بۆ پشتگیری لە دەستوور , ئەوە بۆ دژایەتی بوایە 2 ناچوون . پێش ڕوخاندنی سەدام 30 پارتمان هەبوو , بەم 2 ساڵە 20 پارتی پێشڕەومان زیادیکرد . ئەمە 50 پارت هەیە بۆیە خەڵك بۆ داخوازەکانی خۆی خۆپیشاندان دەکات , ئەگەر 5 بوایە , دەبوایە بۆ ژیان شەڕە گولەی بکردایە .

– لە ڕۆژنامەی ئاسۆ نوسراوە : لە دابەشکردنی موچەدا سوکایەتی بە ژنە پێشمەرگە دەکرێت . بۆ دیارە ژیانییان هەموو سوکایەتی پێکردن نییە , جاش قایمقام بێت , فایلدار مەکتەب سیاسی ؟.

– لە ڕۆژنامەیەك نزیك لە کەسکەوە نوسراوە سۆران گوناهە (مەبەست ناوچەی سۆرانە ) , زۆری نەبرد لەکەلار تەقییەوە . چاری سەری خۆتان بکەن , هەقتان بە سەری خەڵکییەوە نەبێت , خوا کەریمە خەڵکی سۆرانیش کارەبای ڕاپەڕین و سەرۆکی شۆڕش بە دەست بهێنن .

–باسەرە بە مانشێت نوسیویەتی – بەرەو سەربەخۆیی . قومارچی بدۆڕێنێت نەڵێت بە گونمەوە دڵی شەق دەبات .ئیتر کەس گوێ لەم دروشمانەتان ناگرێت , دەستوورەکەتان جوانە .

–بەرپرسی پارتی لە کەرکووك لە تەلەفزیۆنی زاگرۆسەوە وتی: چەندین ساحەی تۆپێنمان لە کەرکووك دروست کردووە .

بەڵام بلۆکێکتان لەسەر بلۆکێك دانەناوە . ئاوارەکان دیارە بۆ تۆپێن دەگەڕێنەوە نەك بۆ ژیان , ینك 60 ملیۆنی خەرج کرد هیچی دیار نییە , ئێوەش بە6 ساحەوە بەنیازن کەرکوك بگەڕێننەوە بۆ کوردستان . تا ئەو

مەسئەلانە لە کەرکوک بن 60 ترلیۆن دۆلاریش بێتە ناو شارەوە , دەبێت خەڵکی کەرکوک هەر مەلە لە ناو چڵکاودا بکەن .

—تا ئێستا نازانم شەمشەمەکوێرە چ تاوانێکی بەرامبەر مرۆڤایەتی ئەنجام داوە , بۆمبی ئەتۆمی دژی بەکارهێناوە لە هیرۆشیما , یاخود لە ڕواندا و کەمبۆدیا کۆمەڵ کوژی ئەنجامداوە . شەڕی ڤێتنامی کردوە !, یان لە ئەندەنوسیا ملوێنێك مرۆڤی بە تاوانی جیاوازی بیروڕا هەڵواسیوە . ئەنفالی کوردی کردووە , یان سەلاح هەورامی لەسەر وشە بە دەنوك کوشتووە . هەڵەبجەی کیمیاباران کردووە , یان لە ئەنفالەکان پێش سوپای داگیرکەر کەوتووە . ئەگەر هیچ یەکێك لە ئەمانەی نەکردووە ,نوسەرو سیاسەتمەدارە ئازیزەکان پێتان وا نییە تاوانتان لە شەمشەمەکوێرە کردووە , کاتێك ئەو تیرۆریستانە بە شەمشەمەکوێرە ناوزەد دەکەن. ببورە شەمشەمەکوێرە گیان .

—ئاین ئەڤیونی گەلانە , ئەمە ئەو مەقولەیەیە شەوو ڕۆژ لە ڕێگەی ئیسلامییەکانەوە پارتە مارکسییەکانی پێ تاوانبار دەکەن , پیرێژن و پیرەمێرد نەماوە ئەم قسەیە نەکەن بە مێشکیا ,کەچی ئێستا خۆیان گەورەترین هیمەت دەکەن بۆ بە پراتیك کردنی ئەم دروشمە, ئەوەنی یە ئەفغانستان یەکەم بەرهەمهێنەری ئەڤیونە لە جیهان , ئێران و شیشان ڕێگای ترانزێتن ؟؟؟. لە ڕۆژئاواش هەر خۆیان بازرگانین .لە ئیسلامییەکانەوە تەنها ئەڤیونمان بۆ دێت نەك کۆمپیوتەر .

—برادەرێك تەلەفۆنی بۆ کردم یەکسەر بێ بسم الله وتی : پێشمەرگایەتیت کردووە , لە وەڵامدا ووتم : بەڵێ بەس لەوانە نەبوومە بە دەس و قامی خۆما هەڵدەم , هەموو کات لە ڕیزی دواوە بوومە , تەنانەت لە سوار بوونی ئۆتۆمێلیشدا . وتی : بۆ ناچیت لای فلان کەس تەسکیەیەکت بۆ بکات و خانە نشین کرێیت . وتم خۆ خەفیفە نەبوومە , چونکە ئەو برادەرەی تۆ باسی دەکەیت ئەوسا لە بەتالیۆنی سوکەکان بوو , ئەو چوزانێت من چی بوومە . وتی بابە ئەوە گرنگ نییە , ئێستا تەسکیەکەی لای ئەوە دوایی بەشت نامێنێت زوو وەری گرە .

—لە سعودیە ڕەنگی سور لە هەر سەردەمەی بەهۆیەکەوە حەرامە , لە سەروبەندی ڕەونەقی کۆمۆنیزم ڕاستەوخۆ ئەو ڕەنگە حەرام کرابوو , پاش ئەوەی کۆمۆنیزم ئەو مەترسییەی نەما لە ساڵی **1999** ڕۆژی دڵداری فالنتاین هاتۆتە ناو ئەم وڵاتەوە ڕەنگی سوریشی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە , ئەوجا پیاوانی ئاینی دژ بە سوری دڵداری وەستانەوە. سۆسیالستی و دڵداری یەکییان گرتەوە .

—ناخۆشترین شوێن لە ڕۆژنامەی سیاسی دا سەر وتارە , باوەڕم وایە زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی پارتەکانیش نەك نای خوێننەوە , بەڵکە سەیریشی ناکەن . من یەکێکم لە ئەوانەی لە ژیانم چاوم بە چاوی نەکەوتووە. کاتێك لە دوای ڕاپەڕینەوە هەندێك سوارچاکی قارەمانم بینی سەروتاری پارتێکییان دەنوسییەوە , ڕۆژی دوایی سەنگەریان گۆڕ ی , لەو ڕۆژەوە بۆم دەرکەوت هەڵوێستی حیزب لەسەر جادەیە نەك قەڵەم .

— دینیس هوب لە ولایەتی نیڤادای ئەمەریکی زەوی لەسەر مانگ دەفرۆشێت فدانی بە **20** دۆلار , تا ئێستا **2,5** ملوێن کەس لە **80** وڵات و **1300** کۆمپانیاوە زەوییان لەسەر مانگ کڕیووە , تەنها کورد نەیتوانیووە

پارچە زەوییەك بكڕێت ناوی بنێت كوردستانی سەر مانگ .

بەرپرسان فریا بكەون كوردستانی سەر مانگ بكڕن , تا وەك سەلاحەدین نەوەكانی داهاتوو قەسفتانیان نەكردووە.

–برادەرێكم لە هەشتاكان كاتێك لە كەركوك بەجێم هێشت پەرتوكی لەسەر شۆڕشی ڤێتنام و نیكاراگوا نوسیبوو , لەم ڕۆژانە بینیم لە ڕۆژنامەیەك بابەتی لەسەر مێژووی دەستووری ئەمەریكا بڵاوكردبوەوە,بەخوا سەیرە عەولەمە ئابلوقە نازانێت ,لەگەڵ چاوی سەوزی دۆلار و شنەی بای باڵی بی 52 دا خۆی دەكات بە هەموو كونێكدا . من وامزانی كەركوك لە عەولەمە دابڕاوە . كەچی گەیشتووە بە پۆستەكە ئەسڵییەكەشی.

–كۆمەڵەی هاموون كۆمەڵەیەكی سەربەخۆی لاوانە و 44000 ئەندامی هەیە , خوا كردی سەربەخۆیە ئەم هەموو ئەندامە پاك و تەمیزە پۆشتەیەی هەیە , حیزبی بوایە هەموو كوردی قوت دەدا .

–سەروەت و سامانی هەموو ملیاردێرەكانی جیهان سەرچاوەی پەیدا كردنییان دیارە , خێزانی ئەنیلی ئیتاڵی لە پیشەسازی ئۆتۆمۆبێل , بیل گیتس لە مایكرۆسۆفت , چینگی كۆری لە پیشەسازی ئۆتۆمۆبێل ..... . باشە نازانم سەروەت و سامانی بەرپرسانی كوردستان سەرچاوەكەی چییە ؟؟؟, سێو ڕنینەوەی سەقز و نەغەدە یاخود .... ؟؟؟ , ئەوەی من بیزانم پیشەسازی گومرگ و بۆرسەی زەوی فرۆشتن و مژینی خوێنی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانە .